www.kurdistannet.org
19/05/2003 00:49

نامەیەك بۆ عەبدولباری عەتوان

هاوڕێ باخەوان

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گۆڕێکی بەکۆمەڵی شیعەکانی باشووری عێراق لە ناوچەی سەماوە دۆزرایەوە, منیش یەك و دوو ڕۆژ پاشتر ئەم نامەیەی خوارەوەم بەزمانی عەرەبی بۆ عەبدولباری عەتوانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی قودس نارد و هاوکات هەمان نامەشم بۆ ڕۆژنامەی شەرقلئەوسەت نارد بۆ بڵاوکردنەوە. هەرچەندە باوەڕناکەم شەرقلئەوسەتی هاوبیری عەتوان نامەی واهیی بڵاوبکاتەوە, بەڵام ئەمە کورتەی وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەو نامەیەیە.

ئێستا چی دەڵێیت؟, ئەی عەبدولباری ئەی عەتوان!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا یەکێك لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشووری ئێراق دۆزرایەوە. ئاماژە سەرەتاییەکان ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆر ترسناك دەکەن, کە ئەویش ١٣ هەزار کەس لەم گۆڕە بەکۆمەڵەدا لەلایەن سەددامی لێکەوتوو و ڕژێمەکەیەوە بەمردوویتی و بە زیندوویتی لەم بیابانەی باشووری ئێراقدا نێژرابێتن. لەنێو ئەوانەدا مناڵ, ئافرەت و کەسانی پیریش هەن.

مرۆ بێ ئەوەی گوێ بداتە پێکهاتەی نەتەوەیی و بیروڕاکانی, کە قەسابخانەیەکی لەم جۆرە دەبینێت, دیارە هەر دەبێت نەعلەت لە بیرە شۆڤێنی و خانەوادەییەکانی سەددام بکات.

ئەوکاتەی کە ئەم گۆڕە بەکۆمەڵەم لەسەر سکرینی تەلەڤزیۆنەکان بینی, یەکسەر بیرم لە عەبدولباری عەتوانی نووسەری عەرەب کردەوە, کە یەکێك بوو لە گەورەترین داکۆکیکەرانی سەددام و ڕژێمەکەی. خودی خۆم یەکێك لە ڕووبەڕووەکانیم لەسەر سکرینی ANNلەکاتی جەنگی ڕزگاریی ئێراقدا بینی کە دەیگووت زۆر شەرەفمەندم کە داکۆکی لە سەددام و ڕژێمە عەرەبییەکەی دەکەم!.

ئێستا من زۆر حەز بەوەدەکەم بزانم "عەتوان کە ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە دەبینێت بیر لەچی دەکاتەوە؟", ئایا ئێستاش هەر شەرەفمەندە بە داکۆکی لە سەددام و ڕژێمەکەی؟!. ئایا ئەو داکۆکییەی هەرماوە کاتێك ئافرەتێکی عەرەبیی ئێراقی دەبینێت بەسەر پارچە کاسەسەری کۆرپەکەیدا دەگری؟. یان دەڵێت خەڵکینە من هەڵە بووم سەددام دیکتاتۆری زەمانەیە و ئەوەی لێیمان بیست درۆ بوو! یان چیمان پێ دەڵێیت عەتوان؟!.

٢٠٠٣-٠٥-١٥

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.